www.kurdistannet.org
07/07/2002 00:37

بۆ/ کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال

سلاّو

ئێمە وەك لقی ئەورووپای حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی خۆمان دیار دەکەین، بۆ کەمپینەکەتان بۆ بەدادگایی کردنی (وەفیق سامەڕائی) و هەموو ئەوانەی وەك ئەون و سەرانی ڕژێمی عێراق بۆ دادگا ڕابکێشرێن.

هەربژین

حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

لقی ئەورووپا

٢٠٠٢/٦/٢٩ بەرلین

---

بۆ/ کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال

سلاّو

بەناوی ستاڤ ڕۆژنامەی تەعریب پشتگیری خۆمان لە دادگایی کردنی وەفیق سامەڕائی ڕادەگەیەنین و پێمان وایە هەر چارەسەرێك بۆ کێشەی پەناهەندە عەرەبە فەلەستینیەکان لەسەر حسابی خاکی کوردان بەتاوانێکی بە نێودەوڵتی دادەنرێت و پلان و نەخشەدانەرانیش دەبێت دادگایی بکرێن.

ستاڤ ڕۆژنامەی تەعریب

٢٠٠٢/٦/١٤

---

ڕێکخراوی ئاوارەکانی کوردستان

بابەت / پشتگیری

بەناوی ڕێکخراوەکەمان و یەکەیەکەی کەس و کاری ئەنفال کراوەکانەوە پشتگیری خۆمانتان لەو هەڵوێستە جەریئانەیەی بۆ دادگایی تاوانباران دەردەبڕین، هیواداریین هەنگاو هەڵبنێن بۆ دادگایی کردنی سەرجەم تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجە.

هەربژین بۆ کەسوکاری ئەنفال کراوەکان.

بژی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال.

ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان

٢٠٠٢/٦/١٥